هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Natural Resources

اقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثروات الطبيعية
المديرية العامة للتفتيش والرقابة الداخلية


ژمارە / ٨٧٥٢
ڕێکەوت : ١ / ٧ / ٢٧١٣ ی کوردی

No :
Date : 1 / 7 / 2014

هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرچوو
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

## فەرمانی وەزاری

بە مەبەستی جێبەجێ کردنی فەرمانی سەرۆکایەتی ئە نجومەنی وەزیران ژمارە ( ٣٨١٥ ) لە ڕێکەوتی ٢٠١٤/٦/٢٢ سەبارەت بە چارەسەرکردنی کێشەی بەنزین و لەسەر فەرمانی بەڕێز جەنابی وەزیر وە لەبەر بەرژەوەندی گشتی، بڕیارماندا بە دابەشکردنی سووتەمەنی بەنزین بە پێی کۆبۆن بەم مەرجانەی خوارەوە :.

١. کار بە فۆرمی خۆراك دەکرێت وەك مەرجی بنەڕەتی بۆ پێدانی کۆبۆن .
٢. پێویستە شوفێر سالانەی بنەڕەتی پێبێت و ناوی لە فۆرمی خۆراکدا هەبێت ، بە پێچەوانەوە کۆبۆنی پێ نادرێت .
٣. دابەش کردن و پێدانی کۆبۆن لە وێستگەکان دەبێت ، کە لەلایەن هەریەك لە بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی دا دیاری دەکرێت .
٤. لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیەکانەوە کۆبۆنەکان لە وێستگەکاندا دابەشدەکرێت لە ڕێ ی نوێنەرەکانیانەوە .
٥. لە کاتی وەرگرتنی کۆبۆندا ، فۆرمی خۆراکی بنەڕەتی مۆر دەکرێت لەلایەن نوێنەرەکانەوە .
٦. بڕی ڕێپێدراو بە کۆبۆن هەفتانە ( ٢٥ ) بیست و پێنج لیترە ، ئەمەش بۆ هەر خاوەن ئۆتۆمبێلێك تایبەت بە تابلۆی هەر پارێزگایەك .
٧. بڕی ڕێپێدراو بە کۆبۆن هەفتانە ( ٥٠ ) پەنجا لیترە ، ئەمەش بۆ تاکسی پاسی هێڵەکان لە هەر پارێزگایەك .
٨. نرخی هەر لیترێك ( ٥٠٠ ) پێنج سەد دینارە لە سەرانسەری هەرێمدا وەك نرخێکی جێگیر .
٩. فۆرمی خۆراك تەنها ( ١ ) یەك لیستی کۆبۆنی پێدەدرێت و دووبارە نابێتەوە .
١٠. فۆرمی خۆراکی بنەڕەتی بنەمای پێدانی کۆبۆنی بەنزین دەبێت ، تایبەت بە هەر پارێزگایەك وەك جیاوازی تابلۆی ئۆتۆمبێل، بۆ نموونە : خاوەن فۆرمی خۆراکی هەولێر گەر ئۆتۆمبێلەکەی تابلۆی سلێمانی یا دهۆك بێت ئەوا لە پارێزگای هەولێر کۆبۆنی پێدەدرێت . بەهەمان شێوە بۆ سلێمانی و دهۆك .
١١. ئەو بڕە کۆبۆنەی کە پێشتر دابەشکراوە ،هەمان مەرج و ڕێنماییەکانی سەرەوەی تایبەت بە کۆبۆن دەیگرێتەوە بە مەبەستی ڕاستاندن و پەسەندکردنی کۆبۆنەکە .

أحمد إحسان موفتي
بەڕێوەبەری گشتی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ
١ / ٧ / ٢٠١٤

ماویەتی


Kurdistan Region – Erbil
Phone :
E-mail: administration@mnr.krg.org
00964(0)662550041 , 00964(0)662550042
هەرێمی کوردستان – هەولێر
تەلەفۆن :

هەرێمی کوردستان – عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان
بەڕێوەبەرایەتی گشتی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers
Ministry of Natural Resources

اقليم كوردستان – العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة الثروات الطبيعية
المديرية العامة للتفتيش والرقابة الداخلية

No :
Date : 1 / 7 / 2014

هەرێمی کوردستانی عیراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
دەرچوو
وەزارەتی سامانە سروشتییەکان

ژمارە / ٨٢٥٢
ڕێکەوت : ١٠ / پوشپەڕ / ٢٧١٣ ی کوردی

وێنەیەك بۆ :

- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان ...لەگەڵ ڕێزماندا .
- نووسنگەی بەڕێز جەنابی وەزیر / لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی ناوخۆ / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت / بۆ ئاگاداری و هاوکاریتان / لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی دارایی ئابووری / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت / بۆ ئاگاداری و هاوکاریتان / لەگەڵ ڕێزماندا.
- وەزارەتی پلاندانان / بەڕێوەبەرایەتی گشتی دیوانی وەزارەت / بۆ ئاگاداری / لەگەڵ ڕێزماندا.
- نووسینگەی بەڕێز بریکاری وەزارەت / بۆ ئاگاداری /لەگەڵ ڕێزماندا .
- پارێزگاکانی (هەولێر / سلێمانی / دهۆك / ئیدارەی گەرمیان ) بۆ ئاگاداری و هاورکاریتان / لەگەڵ ڕێزماندا .
- گشت بەڕێوەبەرایەتیەکانی دابەشکردنی سووتەمەنی لە پارێزگاکانی (هەولێر/ سلێمانی /دهۆك ) بۆ کاری پێویست .
- ب.گشتی کاروباری کارگێری ودارایی / لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب.گشتی کاروباری وەبەرهێنانی کانزایی / لەگەڵ ڕێزماندا .
- ب.گشتی پشکنین و سانسۆری ناوخۆ /لەگەڵ سەرەتاکاندا .
- ب.ژمێریاری ....تکایە .
- ب.ووردبینی ....تکایە .
- دۆسیەی گشتی